# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

(وَالْعَصْرِ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)(العصر١_ ٣) والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له دەرسەکانی ناو و کرداره پیرۆزەکانی خودا (جل جلاله) بەردەوامین، حەفتەی پێشترێ ئیتیفاقی ئەوەمان بوو کە ئەو برایانەی موتابەعەی ئەو دەرسەی دەکەن، ئیحساس بەو گۆڕانکاریەی یاخود تەغییره نەوعییەی کە له داخیلیان، ئیحساسیان پێی کردیه حەزی ئەوەمان بوو ئیعلام بکرێین، چونکی له سەروەی موتەفیق بووین طەرەفەین کە ئەوماددانەی لێره طەرح دەکرێ مەوادی تەثقیفی نییه، مادده نییه بەس مێشکمانی پێ پڕ بکەین، لەباقەت و مەلەکەی قسەو موناقەشه و ئەو شتانەمان پێی زیاد بی، بەڵکو ماددەکه له صولبی له ئەساسی ئیشی ئەنبیاء و ڕوسولەکانه علیهم الصلاة والسلام جمیعا، ئەویش ناساندنی خوای (جل جلاله) به حەقیقەت به عیبادی خۆی، زۆر ئیحتیمالی هەیه وه هەبووه لەناو جومعی صەحابەی کیرام رضوان الله علیهم، ئینسانی ئەوها صاحێب ئیمانی حەقیقی و پتەو هەبووه، نەشی تانیه قسان بکا موحاماتی ئەو دینەی پێ نەکرایه، ئەمما لەبەر ئەوەی به حەقیقەت له ذاتی ڕەسول الله وەریگرتیه ئا ئەو معرفة الله، له ناو داخیلی خۆی تەمرینی پێ کردیه تانیتی بگاته ئا ئەو نەوعه ثەمەرەیه باری تەعالا له ئاسمان بیطاقەی ڕازی بوونی خۆی پێ ببەخشی.

ئەمەش ئەگەر خوا تەوفیقی دابین ئەوه مەقصودمانه، مەقصودمان ئەوه نییه مەجموعەك دروست کەین موتەمەکین بی له قسەکردن، یاخود مەجموعەك دروست بکەین دەستی قەلەمیان شیریشی پێوه بی، ئەمما داخیلی وێران بی و العیاذ بالله، زۆر جار بتانی ئەهوائی خۆی شەیطان له داخیل زۆر ئوموری شەڕی پێ بکا به نیەتی خەیر به ئوصول فیقهی خەیر به قالبی خەیر به ئیطاری خەیر قالبی بدا ئەو ئیشه خراپانه، به داخەوه شەبابی صەحوه ئیبتیلائاتی لەو ناحیەیەی زۆره، لۆیێ چەند دەرسه تیکراری ئەو حالەته دەکەینەوه، ئەمه ئەصلەن فیطرەمان له ناو داخیل مەوجوده له سەر جادەی مزگەفت هەبوو هاتینه ناو مزگەفت، له مزگەفت گەنجەك مورشیدەك دەستی گرتین فێره سورەته نیهائیەکانی قوڕئانی فێر کردین، جوزء عەممه سەبر سەبر لەبۆ بەشەکانیتکەی قوڕئان، پێنج شەش

کتابیشمان خیند مەجموعە کاسێتات و موحاضەرات و لە خوطبەش حازر بووین ئی مەجموعە کەسەك، یەکسەر بیطاقەی ئیمانداری و تەقواییمان لە گیرفانی خۆمان نا.

عیلمەن حالمان شاهیدە لەسەر ئا ئەو وەضعەی کە ئەمە تێیدا دەژین لە ئیزدواجییەت لە دوڕوویی بەرامبەر خۆمان و بەرامبەر باری تەعالا، زۆر جار دەگاتە دە ڕوییش، لەو هەموو کەممە گوناهانەی کە موحتەمەلە عارەق خواردنی تێدا نەبی کەبائیری تێدا نەبی بە ظاهر، ئەمما بە باطین بە دەیەها گوناهی کەبیرە بکرێ، ئا ئەو نەوعە موقایەسە بکرێ بە جیلی زەمانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ذات شەخص کە دەهاتە ناو دین جارێ فێرە قوڕئان نەدەکرا، مەعلومتانە قوڕئان هەمووی بە بیست و سێ ساڵ، بە بیست و سێ ساڵ بە مانگەکانی بەحەفتەکانی بە ڕۆژەکانی بە سەعاتی ئەوجە ئەو قوڕئانە تەکمیلە بوو، بیست وسێ ساڵ، یەعنی ئەو قوڕئانە مەواکیبی تەغیری داخیلی ئینسانەکە بووە، ئەوجە پاشان خودا شەهادەی دایتە ئەو ئینسانەی بە ڕیضوان، ئیذەن تەواوکردنی دەوراتی دینی لە باقەت دروستکردن لە خیندن و خیندنەوەی قوڕئان، ئیمکانییەت بوون لە کوتوبی فیکریی و ثەقافی و وەعی و حزبی یان حەتتا سیاسی ئیسلامی خیندن دەلیلی ئەوەی نییە ئەو ذاتە فیعلەن پاش چاو چوقاندنی یەکەم بگاتە خزمەت باری تەعالا، بتانی فیعلەن ڕضوان الله تەحصیل بکا.

لۆیێ ئەوهامان پێ موهیم بوو لەگەر لە خزمەت جەنابتان موجامەلات نەکەین لەسەر حیسابی تەقوا و ئیمان، لەگەر یەك صەریح بین صادق بین کە فیعلەن ئەمە، طەبعەن ئەمە خۆمان زۆر چاك خۆمان دەناسین ئەگەر ئەمن خۆم لە خۆم غەشیم نەکەم، چونکی خودا دەفەرمی: (بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ)(القیامة١٤_ ١٥) ، ئەمە خۆمان تەواو شارەزای خۆمانین، بە خوای بە سانتیم سانتیم عەیب و عارەکانی خۆمان دەزانین چییە ئەگەر خۆمانی لێ غافل نەکەین، فە ئەگەر هات و تەشخیصی ئەو حالەتەی کرا وە قواعیدی ناسینی خوای بە حەقیقەت تەمرینی لە سەر کرا لە ناو داخیل، وەکو قانونەك فیزیائی قانونەکی کەونی حەتمەن گوتمان دەبی نیشانەی هەبی ئا ئەو تەمرینە میثالی زۆریشمان هینا.

کابرای طەلەبە لە مەکتەب تەمریناتی پێ دەکرێ بە خۆی و بە مامۆستا، کابرای ڕیاضی تەمرینات دەکا پاش تەمرینەکەی ئەوجە دەگاتە نەتائیجی موعەییەن، ئەمەش هەتا تەمرین لەسەر ناسینی خوای بە حەقیقەت نەکەین نیشانەکانی لە داخیلمان دروست نابی وە ئیحساسی پێ ناکەین، وە ئەو نەوعیەتانەی کە دەمانەوێ موجامەلەی لەگەر نەکرێ ئەو نەوعییەتانەی کە قوڕئان چاوی لێیە لە مستەوای عەممار لە مستەوای طەلحەی کوڕی زوبەیر، زوبەیر ئیبن عەووام لە مستەوای

موصعەب، ئەوانە سەرلەنوێ دەبی ئیعادە ببتەوە چونكی قورئان ئینتیظاری ئەو ذەواتانەیە، (وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغاً لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)(الأنبياء١٠٥_ ١٠٧)، دەبی مواصەفاتی حەقیقەتیان پێوە موتەوەفیر بی، قورئان نەی فەرمووە فلان حزب فلان تەشكیلە فلان ئیتیجاهـ، فەرمویتي (عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ)، ئەو یائە عایدە بە باری تەعالا (جل جلالە).

فیعلەن دەبی ئەوصافی ئەو یائەی لەو ذەواتانە مەوجود بی صیفەی حەددی ئەدناشیان كەمترین حەددیشیان لە صیفەت صەلاحە، چونكی (وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقاً)(النساء ٦٩)، حەددی ئەدنای كەمترین دەرەجەی صالحیە، ئەو صەلاحەش بەكیتاب تەكوین نابی بە مێشك پڕ كردن تەكوین نابی بە گێدانە كاسێتات و خوطەب تەكوین نابی، هەتا وفقی خەریتەی قورئان نەیێ، وەكو پێغەمبەر و جیلی صەحابەی كیرام لە سەری دروست بوو، وە دیسان بەو خەریتەیەش مومارەسە نەكرێ تەمرین نەكرێ لەسەر داخیل لۆوەی ئەو ئەعراضانە كەشف ببی لەو ذاتە.
وەكو حەفتەی پێشترێ لە خزمەتتان بەحسمان كرد حەزم لێیە صەراحەتەن ئەگەر كرا بە وەرەقە وەكو ئیتتیفاقمان بوو یاخود بە صەوت ئاگادار بكرێین، ئایا ئا ئەو مەواضیعانە مومارەسەی لەسەر دەكرێ یان نا، ئەوە یەك،

دووەمین: ئەو مومارەساتانەی كە كرایە لەسەری ئایە نیشانەی هەیە یان نا؟
سێیەم: نیشانەكانیش دیراسە بكرێ ئایا نیشانەكان ئیجابینە تەواون، یاخود غەڵەطن لە ئەداكردن، ئەوە لەسەر تەوصیەی برایەك حەفتەی پێشترێ گوتمان لە وەرەقە ئیعلان بكرێین، ئەمما ئەوەی لە خۆی ئیقتیدار دەبینی موناقەشەش بكا لەو مەوضوعەی إن شاءالله لە خزمەتینە، گێمان لە قسەو نەسیحەتە، فە لە لای ڕاستەوە یان سوئالەكە دیسان تەعمیمی كەین، با إن شاءالله ئەوەی وەرەقەی حازر كردیە با ئیشارەتمان بداتێ، ئەگەر بكرێ جەنابت كاك یاسین لێیان جەمعكەی ئەگەر هەیە ئەگەر نیشە بەلێ.
طەبعەن شەرت نییە ناو و شت لەسەری نوسرابی بەبێ عینوان بەبێ ناو، لۆوەی وەكو گوتمان لە بابی موجامەلە دەرچین ئەمە، پاشانیش ئەوەی ئیشكالی هەیە لە ماددە لە مەوضوع، ئا دەكرێ موباشر بپرسی، موحتەمەلە قیچەك ماندی بوونی تێدابی یاخود قیچەك جورئەتی بوێ مەوضوع، چونكی ئەوەی ئەمە لێ ڕاهاتبووین لەسەری ئەوە بوو، مەثەلەن مامۆستای من مەجموعە ئایاتی لەبۆ تەشخیص دەكردم، پاشان ئایەتەكانم لەبەر دەكرد كە ئیمتیحانی دەكردم ئایەتەكانم لۆ دەخیندەوە یەكسەر لە تەنیشت ناوم دەفتەری پێ بوو وەرەقەی پێ بوو نیشانەكی دادەنا، ئەمما وەكی دەچوومە

پێش سینەما فساد الدین ئەمن دەمزانی چم بەسەر دەهات، خوا نەکا لەسەر جادەی ئافرەتەکی سفورم بدیتبا ئەمن دەمزانی چم بە سەر دادەهات، موحتەمەلە داشبنیشی، داشنیشتبین پێشترێ پێنج سەعات چار سەعات ئیسلامیاتمان فرۆشتبی لە سەر موقابیل: دەبی خەڵك ئەوهابی دەبی تەقوای هەبی دەبی چاك بی دەبی صالح بی دەبی نازانم چبی و ئیلا ئاخیرهی.

صەراحەتەن موشکیلەی صەحوە ئەوەیە ئێستا نەوعیاتی نییە، ئیحتیاجی بە نەوعە ئیحتیاجی بە عەدەد نییە، موحتەمەلە لە یەك خوطبەی پێنج هەزار نەفەر نوێژ بکا، ئەمما ئەگەر بێتوو سفرەکیشی لە پێش هەربگری پێنج صەت نەفەری حەقیقی هەبی موئمین کافیە لەبۆ هەولێرێ هەمووی، سبەی جومعەیە لەو هەولێرەی لە چل و قسور مزگەفت نوێژی جومعە دەکرێ، لەو چل و قسورەی مزگەفت هەبووە ئێستا یان پێشترێ دوو هەزار دوو هەزار و قسور نەفەر نوێژی لێ کردیە، هەموو مزگەفت چل و قسورەکە پێنج صەت نەفەری هەبی کافییە، قەناعەتتان هەبی پێنج صەت نەفەر کافیە لەبۆ هەولێرێ، دینی خوای عەدەدی ناوێ نەوعی دەوێ دینی خوای تەغییری داخیلی دەوێ.

پرسیار/

وەڵام: بارك الله فیکم، بەعضەك تەعلیقاتیشی لێدایە خوا خێری بنووسی بەلێ، الحمدلله ئەغلەبی ئیجابیە، ئەمما حەزم دەکرد موناقەشات بکرێ صەراحەتەن، ئەمما لەبەر تەوصیەی ئەو برایەی نەوەك ئەمنیش و موقابیلیش تووشی ڕیاء نەبین، چونکی ماشاءالله خێر و بەرەکاتمان زۆر نییە ئەوجە نۆبەتی ئەوەیە بەلێ، بەلێ الحمد لله ئەغلەبی ئیجابیاتە، بەلێ تیکراری ئەوەی دەکەمەوە کە نیشانەکانی ئا ئەو حالە مومارەسەیە یەکەمین جار بەو نوقاتانەی کە وەختی خۆی ئیتیفاقمان کردیە چار نوقتە کە عائید و متەعەلیقە بە باری تەعالا لە اسماءالله و أفعالە حەفتیش عائیدە بوو بە مە ئەمە، سەریع ئێستا ئیعادەی دەکەمەوە، هەر بەس ڕئوس ئەقلام، لۆوەی فیعلەن ئەو برایەی کە ئاگادار نەبووە یان.

ئەوەی عائیدە بە باری تەعالا زۆر تەئکیدی لەسەر ناکەین چونکی لەسەر ئەوەی موتتەفیق بووین قەدیمەن کە باری تەعالا فەرموویتی: (وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) تەکمیلەی دەکەین (فَادْعُوهُ بِهَا)، خەت لەبن کەلیمەی (فَادْعُوهُ بِهَا) ئەوە مەقسودمانە ئەمە، (وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) ڕاناوەستین لە سەری، یەعنی وەکو عیلمی کەلام عیلمی عەقائید کە قەدیمەن مەوجود بوو، هاتیە سەر کەلیمەی فولانی، کەلیمەی قادر، ئەوەندە لە کەلیمەی قادر بکۆلتەوە والعیاذ بالله کأنە خوای بباتە ناو موختەبەر تەفنیشی کا، لۆوەی سیفەتی یا فیعلی قادری لە خوای ئیسپات کا ئەوە ئیشی مە نییە، ئیشی مە ئەوە نییە.

ئینەما کە زانیمان خوا هەیە خوا قادیرە لە ڕێی مەخلوقاتیەوە قودرەتی خوای کەشف دەکەین، نەك لە ذاتی خۆی باری تەعالا خۆی خودی خۆی هەء، ئەوە ئسلوبی فەلسەفی و ئسلوبی مەنطقی بوو فەترەك لە فەتەرات ئوممەی ئیسلامی و تاریخی ئوممەی ئیسلامی پێوەی موبتەلا بوو، موئمنین یاخود موسولمان کە دەیانەوێ ببن بە موئمین دەبی لەو بوعدەی دەرچن، داعی نییە ئەمە خوای بینینە خوارێ، تەفعیلی ئەفعالی خوای بکەین لە ذاتی خۆی کە فەرمویتی ئیسمی هەیە، هەرچی ئیسمی هەیە لە مەخلوقاتی نسبەتەن مەوجودە، ئەمە دێین موتابەعەی مەخلوقاتی دەکەین لە ڕێی مەخلوقاتیەوە ئەسماء و ئەفعالی خوای کەشف دەکەین، فە لە نەتیجە چ دەردەچی (فَادْعُوهُ بِهَا) ئا ئەوە مەقصودی ئەسماء الله و ئەفعالە، مەقصود ئەوە نییە تەسبیح بگرینە دەستە خۆمان تك تك قل قل أسماء الله بخینین، هو الرحمن الرحیم الملك القدوس السلام المؤمن المهیمن بەدوو دابچین، ئەوە (وَلِلّٰهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) (الأعراف ١٨٠) نییە، (وَلِلّٰهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) نەتیجەی (فَادْعُوهُ) نەك أحسبوە عودوە (فَادْعُوهُ بِهَا)، دەبی ئەو حالەتە دروست ببی ئەو حالەتە کەینێ دروست دەبی، فیعلەن ئەوجە بێینە سەر نوقتەی یەکەم.

یەکەمین: موئمین وە جەمعی موئمینینی یەکەم کو دروست بوو دەبی ئەمەش ئەوها دروست ببین، یەکەمین عیلاقە بەینی ذاتی رب العالمین (جل جلالە) وە بەینی موئمینی یەکەم کە محمد(صلی الله علیە وسلم) لە ڕێی سورەتی عەلەق دروست بوو، چ ئیسمەك چ فیعلەك لەو سورەتەی هەبی ئا ئەوەی دەردەینین ئەمە، موتابەعەی دەکەین لە مەخلوقاتی کەلیمەی ڕەب عەکسی هەیە لە کوللی مەخلوقات، کە دێین ئەمە قیرائەی مەخلوقاتی خودای دەکەین مەفهومی کەلیمەی ڕەب دەردەچی، ئەوە ئسلوبمانە موتابەعەی قوڕئان لە تەرتیبی نزول لەبۆ تێگەیشتنی اسماء الله.

لۆ ئەوها لۆ لە ڕێی کیتاب نەبی لۆ لە ڕێی کاسێتات نەبی؟ جەوابەکەی لە بەر ئەوەی باری تەعالا باشترین نەوعی ئیمان وە صادق ترین جەمعی مؤمنین لە زەمانی پێغەمبەر دروست کرد، لەگەر سوڕەتی عەلەق لەگەر سوڕەتی قەلەم چ کاسێت نەهاتە خوارێ، خوطبە چ کیتابەکی عەقائید و عیلمی کەلامیشی لەگەر نەهاتە خوارێ، طەبعەن ئەگەر باری تەعالا بیزانیبا کاسێتی فلان مامۆستا و عیلمی کەلامی فلان ئوستاذ و عەقائیدی فلان موئەلیف باش بی حەتمەن لەگەر سوڕەتی عەلەق مولحەقەکیشی لەبۆ دەکرد، دەیگۆ بابە پاشی سورەتی عەلەقی ئەنگۆ ئەوەش بخینن لۆوەی ئیمانتان تەواوببی، لەبەر ئەوەی ئەوهای نەکردیە ئیذەن خطەی خوای ناجیحە خطەی خوای صەحیحە، تەشویش دروست ناکا لە سەر داخیل، داخیلی ئینسان ماتەبەقا تەشویش دروست دەکا وەکو چقە چقی

تەسبیحەکەی لە داخیلمان دروست دەبی، ئەگەر هاتوو فیعلی وفقی خەریتەی خوای یاخود مەنهەجی خوای لە تەرتیبی نزول خوای نەناسین.

نوقتەی دووەم: گوتمان داخیلمان جیهازە باری تەعالا خەلقی کردیە، هەر جیهازەکیش بەقەد کەممی خۆی بەقەد حاجەتی خۆی نەی دەیێ دەیفەوتێنی، ئەوە جیهازە مەعمەلی خۆی دروستی کردیە ئەو جیهازە، ئەوە لەبۆ شتەکی دیکە ئیستیعمال بکرێ تێك دەچی، ئیللا دەبی لەبۆ ئەو هەدەفەی بی کە دروست کرایە لەبۆی، داخیلی مەش خودا ئەمەی دروست کردیە لەبۆ عیبادەت پاشی ئەوەی وفقی ئیرادەی وی ئەمە ئەوی بناسین، دەتانین برێین مەسیحی خوای ناناسی؟ دەناسن، جولەکە خوای ناناسی؟ دەناسن، ئەمما بەو حەققەی کە خوا دەیەوێ بەو نەوعەی خوای دەناسن؟ نەء، موشرکینیش خوایان دەناسی ئەها بە نەصصی قورئان (وَلَئِن سَأَلْتَهُم) (لقمان ٢٥) لە چەند جێ (مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ)(لقمان ٢٥)،(مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ) (المؤمنون ٨٦)،(لَيَقُولُنَّ اللَّهُ) (لقمان ٢٥) بە زمان جوابیان دەداوە، ئەمما لەبەر ئەوەی وفقی ئیرادەی خوای نەبووە ئەو مەعریفەیە لۆیێ پێغەمبەریان لەبۆ ناردرا، ئەمەش دەبی ئیللا وفقی خەریطەی خوای بە قەد حەجم و کەممی جیهازی داخیلی خۆمان.

سێیەمین نوقتە: گوتمان قورئان لیسانە لوغە نییە، قورئان دەبی بە لیسان تێبیگەین نەك لوغە، قورئان لوغەی عەرەبی نییە قورئان لیسانی عەرەبە، کەینێ بە لیسانی عەرەب قورئان تێی گەیشتین ئەو وەختی جیهازیشمان دەست بە ئیش دەکا چونکی وفقی ئیرادەی خوای خوای دەناسین.

چارەمین: ئەو هەمووە ئەسمائانە یەکەمین جار لە سورەتی عەلەق پاشان لە سورەتی قەلەم پاشان موززەممیل موددەثیر فاتیحە ئەعلا بەو تەسەلسولەی هەتا سەرێ ئەو ئیسم و فیعلەی کە لەو سورەتانە مەوجودە بەو تەرتیبەی وەردەگیرێ، مومارەسەی لە سەر دەکرێ، بە چ طەریقەك؟ لە ڕێی مەخلوقەکانی، باری تەعالا لە سورەتی موززەمیل فەرمویتی: (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً نِصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً)(المزّمّل٢_ ٥)، هەتتا (قُمِ اللَّيْلَ) نەبی ئیلقائەکە نابی ئەوە خەریطەی قورئانە، هەتا (قُمِ اللَّيْلَ) بە شەو هەڵنەستی ئەو ذاتە مومارەسەی قیرائە نەکا، (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً) دروست نابی، لۆ خۆی تەئکید دەکا باری تەعالا نیهایەتی ئایەت (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً وَأَقْوَمُ قِيلاً)(المزّمّل٦)، هەتا ئەوە دروست نەبی، بە ڕۆژ چ بکا کابرا؟ (إِنَّ لَكَ فِي اَلنَّهَارِ سَبْحاً طَوِيلاً)(المزّمّل ٧) تەسبیح دروست نابی، (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلاً) (المزّمّل ٨) ) ئەوەش دروست نابی، ئەوە هەمووی فیعلەن،

کێهان (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ) (المزّمِّل ٩)، ئەوجە (لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ)، هەتا ئێرە (لا اله الا الله) نەهاتیە لە قورئان هەمووی ئەسمائیتکەنە، لێرە تەوحید دروست دەبی، هەتا ئێرە (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ) ئەوجە (فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً)(المزّمِّل ٩)، ئەوجە فیعلی وەکیلی خوای دێتە جێ.

ئەوە هەمووی جیهازی داخیل بەو نەوعەیە، هەر بە تەصەوری خۆمان ئەمە مەعقولە مناڵەکی سێ ساڵی ببەین لە کولیەی دابنێین کیمیا لە مستەوای کوللیەی تێ بگا نەخێر مومارەسەی نییە، زۆر جار تیکراری ئەوەمان کردیە هەتا نەبتە شەش ساڵی عومری خەلایای مێشکی ناگاتە ئەو مستەوایەی فیعلەن صەوت و صەوت ئەو دەنگە لەگەر ڕەسم ڕسمی حوروف پێکەوە ڕەبط کا ناتانی، پێی نەگەیشت عەقلی ذهنی مێشکی خەلایەکانی گەیشتە ئەو مستەوایەی فیعلەن صەوت و رەسم ڕەبطی یەك دەکا، کە تانی ڕەبطی یەك بکا ئەوجە سەبر سەبر.

هەمووی خەتم دەکەی بەس ئەمما خیندن بەو نەوعەی، باشە لۆ بە بیست و سێ سال هینایە خوارێ، چونکی دیارە فیعلەن ئەسمائەکان و ئەفعالەکان هەمووی لە داخیلی ئینسانەکەی مومارەسەی لەسەر کرایە، باشە کە مومارەسە لەسەر کرا ئەو وەختی ئەعراضەکان کەشف دەبی ئا ئەوە مەقصودمانە نیشانەکان ئەو وەختی کەشف دەبی، بێینە سەر خۆمان ئەمە گەنجین غالیبیەتیشمان ژنی نییە، غالبیمان و العیاذ بالله کیبری هەبووە لە داخیلی إن شاءالله ئێستا نییە، یاخود ئەگەر هەشبی إن شاءالله کەمە، کیبر دەزانن چییە، ئەوە نییە ئینسان لە سەر جادەی بڕوا دەستی بکاتەوە عەنتەریات بفرۆشی لە سەر عالەمێ نەخێر، کیبر ئەوەیە کە حەققی هاتە پێش چاو بە فیطرە زانی ئەوە حەققە لەسەری پازبدا ئەوە کیبرە.

غرور دائەکە لە داخیلی ئینسان شەبابی صەحوە زۆر هەیە، حەسادەت بوغض کە لە ناو موسولمانان، ئەوجە بژمێرە ئەوەی کە قورئان تەشخیصی کردیە زۆری لە ناو داخیلی شەباب مەوجودە، کە هات ئەو گەنجە قیرائەی مەفهومی (رَبِّ)ی کرد (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ)(العلق ١)، کە ئیحساسی کرد فیعلەن پاشی مومارەسە تەمرین کردن ئەو هەموو مەخلوقاتە هەمووی ئی یەك خالیقە، هەمووی یەك مودیری هەیە هەمووی یەك موهەندیسی هەیە هەمووی یەك ڕەسسامی هەیە هەمووی یەك موشریفی هەیە، هەموو وەقتەکیش ئیش دەکا ئەو خالیقە، هەموو وەقتەك ئۆکسجین دروست دەکا دووەم ئۆکسیدی کاربۆن سەحب دەکا، هەموو وەقتەك لەگەر نەباتەکەیە بەخێوی دەکا نمووی دەکا، هەموو وەقتەك لەگەر مندالەکەیە ئەگەر لە زگی داکیبی ئەگەر لە ئەثنای دەرچوونی بی (ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ)(عبس ٢٠)، ئەگەر لە وەقتی پاش لە ویلادە و هەتا دەگاتە مستەوای مردن لەگەر

ئەو عەبدەیە لەگەر ئەو ذاتەیە، لەگەر ئەو شەخصەیە، هەموو وەقتەك لەگەر مەخلوقاتی حەیوانەكانی خۆیتی، كە ئیحساسی كرد كەلیمەی ڕەب ئەوهایە مومارەسەی كرد ئەوجە پاشان حس دەكا خۆشی جوزئەكە لەو كیانەی.

ئەوجە دێ فیكر دەكا لە ناو زگی داكی كێ ڕیعایەی دەكرد؟ كێ حیمایەی دەكرد؟ كێ تەغذیەی دەكرد، كە هاتە دەرێ شیرەكە ئی داكی بوو یان ئی خوای بوو؟ مەصنەعەكە كێ دەی دایێ؟ كێ فێری كرد ئەوها سینگی داكی بگری و بمژی، لۆ نسبەتی پرۆتین و هایدرۆكاربۆن و فلانی ئا ئەو شیرەی نیسەبەكانی نەگۆڕا بەعەكسەوە بی ضەرەری لێ بكا، دێ مەفهومی (رَبِّ)ی جل جلالە مومارەسە دەكا لە سەر خۆی ذاتی خۆی پاشی مەخلوقات، ئەو وەختی فیعلەن فیعلی (رب و ربك) لە داخیلی ئەو ذاتەی دروست دەبی.

ئەو وەختی كە حەڕەكە دەكا بە ڕۆژ ئیحساس دەكا كە ڕۆژ هەرات خودا هەرینایە خودا شروقی پێ كردیە، كە ئاوا دەبی خودا ئاوای كردیە خوا غروبی پێ كردیە، هەموو سەكەنات هەموو لەحەظات قەناعەتتان هەبی هەرچی سەیارە هەیە لەسەر جادەی ئەگەر خوا ئیحتیراق لە ناو داخیلی دروست نەكا هیچ سەیارەیەك ئیش ناكا، هیچ سەیارەیەك حەڕەكەی ناكا، هەموو ئەو تەنەفوسانە خوا دەیكا هەموو خۆی موهەیمینە هەموو خۆی بە قودرەتی خۆی ئیدارەی دەكا، ئەوە مەفهومی كەلیمەی (رَبِّ)ە.

لۆیێ بالنتیجە لە سوڕەتی فاتیحەی ئەو ڕبوبیەتەی مومارەسە دەكا دەی سەبر سەبر وەی لێدەكا دەبتە چ؟ ئەها سورەتی فاتیحە لە بیدایەت بیخینن (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة ٢) نەك بەس ڕەببی منە ڕەببی ئەو هەموو عالەمینانەیە، مێروستان مێروستان مێروستان برۆن تاریخ حەیاتی مێرووستانی بخینن، دەزانن مێرووستان چێری هەیە دەیدۆشی وەكی چێری مە، شیری لێ وەردەگری مێرووستان، دەزانن مێرووستان موهەندیسی هەیە ئەو مێرووستانەی كە لە پێش چاومانە، دەزانن مێرووستان حیمایەی هەیە لە ناو جنود تەخەصوصات هەیە، دەزانن مێرووستان ثەللاجەی هەیە، (رَبِّ الْعَالَمِينَ)ە خۆی دەزانی چیە خۆی دەزانی كوی خەلق كردیە، كە ئەو مومارەسە كرا لە داخیل ئەو وەختی ئەو گەنجە ئیحساس دەكا باری تەعالا هیچ وەختەك دەستی لەو مەخلوقاتانە سەحب نەكردیە، هەموو وەقتەك لە گەریانە، هەموو وەقتەك فیعلی ڕبوبیەتی خۆی ئەدا دەكا، كە ئیحساسی كرد ئەو حالەتەیە.

پاشان ئەدی خۆی ئەو نەفەسەی كە وەری دەگری یەكجار نەیتەوە نەگەڕێتەوە چی بەسەر دادێ، لەحظەك قەلبی ڕاوەستی چی بەسەر دادێ؟ لەحظەك ئەو مێشكەی ڕاوەستی چی بەسەر دادێ؟

لەحظەك مەعیدەی ڕاوەستی چی بەسەر دادێ؟ ئەوجە ئیحساس دەكا فیعلەن ئەو خالیقە باری تەعالا (جل جلاله) لەسەریتی ڕەبی ویشە، حیمایە و ڕیعایەی ویش دەكا، والله لە داك و بابی لێی نزیكترە، لە داك و بابی پێی بە ڕەحمترە، ئا ئەو مومارەسەیە دەكا ئەو وەختی ئەو حالەتە كەشف دەبی لەبۆی فیعلەن لە داك و بابی زیاتر خالقی خۆشبوێ لە باب و داك زیاتر لێی نزیك ببی ئیحساس بە وجودی بكا، كە ئەو حالەتە مومارەسە كرا ئەوجە ئیحساس بە نەوعەك لە هدوء لە ئیستقرار لە تەوازون لە لەذەت لە سەعادەت ئیحساسی پێ دەكا لە ناو داخیل، ئەوە نیشانەكانیتی، ئا ئەوە مەقصودمانە كە دەمانەوێ موناقەشە بكەین لەگەر یەك بەبێ موجامەلەكردن، ئایا فیعلەن ئەو حالەتە دروست بووە یان نا، ئەو ڕۆژە عەظیمە ضەخمە ئەوها دەیهینی و دەیبا هەموو ڕۆژ، لۆ كێ؟.

ئەو هەموو عەمەلیاتە تەركیب ضەوئیە كرداری ڕۆشن رۆشنكاری ئەوەی نەبات، بەلێ ئەو برایە دەزانی ڕۆشنە پێكهات ڕەحمەتی خوات لێ بی، دەزانن خوا عەمەلیەكەی عەكس دەكا بە شەو و بە ڕۆژ چ عەقلەك چ ئیدراكەك چ فەهمەك هەبوو لەكن ئەو نەباتەی ئەوها بكا؟ لۆیێ هەتا ئەو شعورە دروست نەبی ئەو ئەحاسیسانە دروست نابی لە ناو داخیل، كە ئیحساسەكان دروست بوو ئەو وەختی عیلاقەكی صەمیمی بەینی ئیسم و فیعلی ئەو باری تەعالایە لەگەر ئەو ذاتەی دروست دەبی، ئەو وەختی بە تەسەلسول (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)، پاشان دەی هەتا دەگاتە (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)، هەتا ئیحساس نەكا (رَبُّ الْمَشْرِقِ)ە و (رَبُّ الْمَغْرِبِ)ە (لا اله الا الله) دروست نابی لەناو داخیلی، (لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ) ئەوجە پاشان فعلی (فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً)، ئەوجە حالاتیتكە لێی مەطلوب دەكرێ كە ئوفوقیەن بەرامبەر موجتەمەعات و بەشەریەت عیلاقاتی هەیە، ئەویش (وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ) (المزّمّل ١٠) یاخود (وَاصْبِرْلِحُكْمِ رَبِّكَ) (الطور ٤٨)، هەتا ئەو حالەتانە دروست نەبی ئەوە هەمووی لە داخیلی موجامەلە كردنە، هەموو لەگەر خوا تەفەنون كردنە دیبلۆماسییەت كردنە.

عیلمەن باری تەعالا لەوانە هەمووی بەس حەقیقەتەكەی دەوێ، ئەوجە وەقیس على ذلك بەو نەوعەی بەو تەسەلسولەی بەو تەرتیبەی، هەرچی ئیسم و فیعلی خوا هەیە لەناو داخیل مومارەسە بكرێ قەناعەتتان هەبی صەحابە دروست دەبی، ئەمما ناوی كاك كاوەیە، صەحابە دروست دەبی ناوی كاك سەفینە، صەحابە دروست دەبی ناوی عەبدولواحیدە، نەفسی موصعەب و عەممار و صوهەیب و ئەوانە هەمووی ئیعادە دەبتەوە لەو جیلەی كە مەوجودە، وە قەناعەتیشتان هەبی هەتا دیسان ئەو نەوعیاتانە دروست نەبی هەرچی وعودی خوایە ڕاوەستایە لە ئاسمان نایەتە خوارێ، نامەوێ زیاتر بچمە ناو عومق چونكی ئەدیللەم زۆر هەیە لە ناو واقیعی كوڕەی ئەرضیمان

ئیسلامییەن، نامەوێ بچمە ناو ئیتیجاهاتی ئیسلامیش، ئەمما هەتا ئەو ذەواتانە سەر لە نوێ دروست نەبی قەناعەتتان هەبی باری تەعالا کە ئەمری بە نەصر کردیە نەصر ڕادەوەستی، ئەمری بە تەمکین کردیە تەمکین ڕاوەستایە نایەتە خوارێ، ئەمری بە سەعادەت کردیە ڕاوەستایە ئەمری بەوەی کردیە ئیطمئنان هەبی لە ناو قەلبی موئمین نییە هەمووی ڕاوەستایە، ئەمری کردیە بە ئینشیراح (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ)(الشرح ١)، هەمووی ڕاوەستایە بە چ؟

هەتا فیعلەن ئەو حالەتە دروست نەبی بە واسطەی دروست بوونی ئەو حالەتەی ئەو ذەواتانە ئیعادە نەبن، دوعا دەکەین لە باری تەعالا لۆ خاتری گەورەیی خۆی لەبۆ خاتری ئیمانی ئەو ئەحیببانە هیدایەتمان کامل کا إن شاءالله، هەرچی وەسیلەی هیدایەت تەقوا و تەوفیق هەیە ئەسبابەکانمان بە نسیب بکا إن شاءالله، خۆی تەرشیدمان بکا خۆی دەفعمان بکا لەبۆ هەرچی ئیسمی حەقیقیە و فیعلی حەقیقییە، لۆوەی بتانین بە کەمال مومارەسەی بکەین لۆوەی بتانین بگەینە ئەو حەقائیقانە، أقول قولی هذا و أستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون و سلام على المرسلين و الحمد لله رب العالمين.

کێ سوئالی هەیە تەعلیقی هەیە ئیستفساری هەیە؟

پرسیار/

وەلام/ ئەو برایە موعاناتی هەیە لەوەی کە شەیطان ئەزیەتی دەداتێ،

وەڵام: بەلێ ناخۆشترین مەرحەلە صەعبترین مەرحەلە ئەو فەترەیە کە فیعلەن ئەو ذاتە دەیەوێ قیرائە بکا، باوەڕ بکەن وەکی شەو هەردەستی بەتەمایە سەعاتەك دانیشی لەگەر خوای خۆی خەریك بی، هەر لە لەحەظاتی یەکەمەوە ئەو شەیطانە عەجایبە زیرەکە زۆر زیرەکە شەیطان گەمەتان پێ نەیێ داعییە فەننانە ئاه، ئەمما هەمووی جەمع کە بە سلبی دەبتە شەیطان هەمووی جەمعکە سلبی دەبتە شەیطان، دێ لەگەر ئەو گەنجەی دەیهینی و دەیبا بە شەهەوات دەیهینی بە نەزەوات دەیهینی بە توڕەهات برا دەیهینی، بە موشکیلەك پێشی دە ساڵان بووە، قەناعەتتان هەبی موناقەشەکت لەگەر موسولمانەکی مەثەلەن پێشی بیست سالان پێشی پێنج ساران، ئایا دەستمان ئەوها بگرین یان ئەوها بگرین، مەثەلەن ئەتوو هەستای قیرائەی بکەی ئەوەت بەفکر دادەینی، ئۆو فلان دەلیلم لە فکر چوو بوو ئەو وەختی بە فکرم بهاتبایە ئەوهام بگۆتبایە لە موناقشەکەی ناجیح دەبووم، قەضیەکەش دینییە طەبعەن، مەثەلەن فلان وەقت فلان حادیثە بوو سەیارە وەرگەڕا ئەمن لە ناوی بووم ئەوها فلیمەکەی هەمووی بە پێش چاوت دادینی، ئەوە صیراعی شەیطانە لەگەرت دەبی فیعلەن ئیستیعاذە بکەی هەستیە پێوە دەست نوێژی نوێ کەیەوە درێژببی ئەە، یەعنی تەغیری حالی خۆت بکەی لۆوەی فیعلەن شەیطان لێت بە دوور کەوی کە لێت بە دوور کەت ئیعتیادیە.

موشکیلەی دووەمی ئەوەیە دەڵێ (قیام اللیل)م پێ ناکرێ زەحمەتە، ئەرێ واللە برای من زۆر زەحمەتە ئەرێ واللە موشکیلەیە، ئەمما بەس لۆمە موشکیلەیە دەزانن جەماعەت، هەر لەبۆ تەجروبەی ئەوشۆ سەعات دوازدە ئەوەی سەیارەشی نەبی بەپێیان موحتەمەلە زەحمەت بی، بەس بە پاسکیل، جادەی ئیسکان بکا شێستی بکا تەیراوەی بکا بزانی چەند چایخانە هەیە، پڕ زرمەی دێ لە تەقەی دۆمینە و لە تەقەی طاولەی کەس ئاگای لە کەس نییە، تەمەشای سەتەلایت کردن کەس ئاگای لە کەس نییە، باشە لۆ دەتانی ئەوە قیام اللیل بکا لەبۆ شەیطانی لۆ ئەمە نەتانین، ئەوەش هەر ئی شەیطانە، باری تەعالا دەزانی ئەو جیهازەی کو دروست کردیە، غەشیمەکی وەکی مە بزانی ئەوە کو ئیستعمال دەکرێ، پاش وەی زانیمان کو دروست کرایە لۆ چ دروست کرایە، توخوا خالق نازانی ئەو جیهازەی لۆ چ دروست کردیە، نایزانی قابلییەت و ئیمکانیەتی چەندە ئەو جیهازە، لۆوەی ئەمری پێ بکا (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً) نا دەزانی، ئەمما شەیطان وەمان لێ دەکا ئەمە گێل بین، ئەمە سەطحی بین ساذج بین بەڵێ.

لۆ کابرا بەرامبەر تەلەفزیونی هەتا سەعات سێ چاری شەوێ دادەنیشی؟ لۆ قسەی پڕو پوچ لەسەر جادان بەحسی ئەعراض و ناموس و بەحسی نازانم ئەنواع و ئەشکال ڕیوایاتی غەرامی و فەلسەفی بەحس دەکرێ لەسەر جادان کابرا خەوی نایێ تەقەی سەری دێ، لۆ ئەمەی موسولمان خەومان بێ، خەلەل لەمەیە لە قوڕئان نییە، خەلەل لە خوا نییە، لۆیێ جوهدی دەوێ مومارەسەی دەوێ و جوهدی دەوێ، ئەمەش حەزمان دەکرد خوا شاهێدە لەبۆ ئەو برایە حەبەك هەبی حەب دەرمانەك هەبی گولاجەك هەبی بیدەینێ یەکسەر ئەسماء اللە لە ناو داخیلی دروست کا، ئەمما نییە ببایە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لۆی دەهاتە خوارێ، لۆی دەهاتە خوارێ حەب و گولاج و دەرزی، لۆوەی بە واسطەی حەب و گولاجەکەی خوا ناسینەکە دروست ببی، دیارە باری تەعالا قەناعەتی بەو شتانە نییە، بەڵێ مومارەسەی دەوێ تەمرینی دەوێ ئیللا.

باوەڕ بە من ناکەن ئەوەتە هاشم ڕیاضی لێرە ئەوەی دانایە (مەبەستی هۆڵی وەرزشە) بڕۆن لێی بپرسن کەس لە هیکرا نابتە ڕیاضی، ئیللا دەبی مومارەسە بکا ئیللا دەبی تەمرین بکا، حەتا شەطرەنجیش مومارەسەی ذهنی دەوێ ذهن مێشك مومارەسەی دەوێ، دەبی کابرا مومارەسە موتابەعە بکا، ئەرێ واللە هەزار خۆزگە حەب هەبایە بمان خواردبا موتەققی دەرچووباین، حەبمان بخواردبا بهاتبانە بازاڕ نەزەرمان نەکردبا نیعمەت بوو ئەوە، ئەمما باری تەعالا ئەوهای نەویستیە ویستیتی فیعلەن ئەو ذاتە ئیقتیداری خۆی کەشف کا، وەکو شەخصەك ملیار دێر بی ئەمما دائیمە دەست پانکاتەوە خودا ئەوهای خەلق نەکردینە، طاقەکی زۆر کامین ضەخم لەناو داخیلی ئینسانی بە ئەمانەت دانایە دەبی ئەوە عەن طەریقی مومارەسە کەشف بکرێ، ئەرێ واللە ئەمەش لەگەر ئەو

برایەی فیعلەن موعاناتمان هەیە هەموومان لە ئەزیەت داین لە صیراع داین لەگەر شەیطان، ئەمما دەبی موستەمریش بین.

هەر لە سورەتی موزەممیل سورەتی نیهایەتی سورەتەکەی بخینن: (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)(المزمل٢٠)، دیارە بەس پێغەمبەر نەبووە (صلى الله عليه وسلم)، جەمعەکی کیرام ئەطهار ئەتقیاء ئەنقیاء لە گەری بووینە موزامیلی بووینە، هەریەکە لە جێی خۆی لە مەنتیقەی خۆی قائیم بووینە، بە وانە باری تەعالا دەفەرمی: (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفاً وَطَمَعاً) (السجدة ١٦)، (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ) (السجدة ١٦) بەحسیان دەکا قورئان زۆر موجەسسەمە کەلیماتی بەحسی ئەوەی دەکا جەفوە یەعنی عاجزبونەك، عاجزبونەك نەك بە دڵشکان نا بە خۆشەویستی یەعنی ئەوەندەی خۆشبوێ ئەوەندەی خۆش بوێ حەز نەکا بە هیچ نەوعەك دری هە ئەزیەت بخوا نەك دری بشکێ یان بێشی، باری تەعالا کەلیمەی جەفوەی ئیستیعمال کردیە لەبۆ چ؟ (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ) تەنیشتەکانیان جەفوەی لەبۆ دروست بوو، لەگەر چ؟ (عَنِ الْمَضَاجِعِ) لەسەر دۆشەکەکان، نەك دۆشەك عیتاب دەکا نەء تەنیشتەکانیان جەفوەی دروست کرد، (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ) لەسەر دۆشەك درێژ نەبوو شەو (قيام الليل)یان دەکرد بەڵێ.

عولەماء ئیشتیباهیان کردیە کە دەرێن (قيام الليل) سوننەتە، ئەگە نەیکا هیچ ئەسەری نییە بە خوای زۆر ئیشتیباهیان کردیە، خودا لە گوناهیان خۆشبی، خۆی شەو عالەمە (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ)، ئەها وەختی خۆی شەباب هەبوو ناشئ ناشئ، لایەزالیش لە تەلەفزیۆنی سعودی و لە ئیزاعەی سعودی بەرنامەجەك هەیە ناوی بەرنامەجەکەی ناشيء في رحاب الله، لێرە نەوادی هەبوو ناوی نەوادی فەتوە بوو الفتوة و الشباب، لە سعودیەی نەفسی نادی ناوی الناشئة، ناشيء یەعنی گەنج یەعنی ئەوەی لە مەرحەلەی نمو و گەشە دایە لەبۆ نضوج لەبۆ کەمال، باری تەعالا ئەو کەلیمەیەی لە قورئان ئیستعمال کردیە لەبۆ کێ؟ لەبۆوەی فیعلەن دەیەوێ نمو بکا، (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً)، (وَطْءاً) لە دروسەکانی چۆنیەتی زیندو کردنەوەی ئیمان بەحسمان کردیە ئەو کەلیمەیە، (أَشَدُّ وَطْءاً وَأَقْوَمُ قِيلاً)(المزّمّل ٦)، فە دیارە شەو قيام الليل دەوری هەیە (قيام الليل)یش گوتمان نوێژ کردن نییە ها، ئەوە تەهەججودە، (وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَاماً مَّحْمُوداً)(الإسراء ٧٩)، ئەوە شەو نوێژە ئەمما قيام الليل غەیری شەو نوێژە کو تازە بەحسمان دەکرد.

بەڵێ سوئال ئیستیفسار،

پرسیار/

وەڵام: نەخێر قورئانی کەون دەخینی برای عەزیزم فەترەی یەکەم جەنابت موحتەمەلە یەکەمین یان دووەمین جارە بێی، یەکەم جار بەخێر بێی یاخوا، (قیام اللیل)مان بەحسکردیە ئەمە زۆر بە تەفصیل ئەوە وابزانم حەڤدەمین دەرسە ئا قیام اللیل یەعنی تەفکیر کردن لە مەخلوقات، تەمەشاکردن بە چاوی مێشك لەبۆ مەخلوقات ئەوە (قیام اللیل)ە، بەڵێ سوئالی دی.

پرسیار:

بەڵێ ئەو برایە سوئالی کردیە ناسینی خود ذات چۆن لێکدەدرێتەوە؟ ئایا ئەو قسەیەی سوقرات أعرف نفسك بنفسك، بەڵێ،

وەڵام: لە دەرسەك لە دەرسەکان تەلمیحمان کرد إن شاءالله ئەگە خوا تەوفیقمان بدا بە موفەصەلی بەحسی دەکەین، ئەو ذاتە کە ناومان نایە ئینسان گوتیتمان لەناو قورئان تەصانیفی هەیە، تەصانیف وەکو مندالەکەی سەبر سەبر عومری گەورە دەبی درێژ دەبی لە مەکتەبێ مەرتبەی زیاد دەبی هەر جارێ ناوەکی هەیە.

ئەوجە ئەو ذاتە لە ناو قورئان ناوی زۆرە فەترەك پێی دەگوترێ کالأنعام، فەترەك پێی دەگوترێ ئینسان، فەترەك پێی دەگوترێ ناس، فەترەك پێی دەگوترێ بەنی ئادەم، فەترەك دەبتە بەشەر، فەترەك دەبتە موسلیم، فەترەك دەبتە موحسین، فەترەك دەبتە موئمین، ئا ئەوانە هەمووی تەصنیفن، ئەگەر خوا تەوفیق بدا إن شاءالله بە طول و تەفصیل ئا ئەوە لە صەدەدی بەحسینە، فە کەینێ مەثەلەن ویستی ئەو ذاتە خۆی بناسی طەبعەن سوئالەکە جەوابەکە لەبۆ سائیلە، ویستی خۆی بناسی لە قورئان مەثەلەن کەلیمەی ئینسان شێست و چار جار هاتیە عەفوەن ئینسان، ناس دوو سەدوو چل و قسور جار هاتیە، کەلیمەی ئینسان شێست و قسور جار هاتیە، دەکرێ خۆی حیلەی لە خۆی نەکا، شێست و قسور جارەکان کە لە قورئان ذیکری ئینسان کرایە جەمعی کا بزانی فیعلەن ئەو چەندی لەو سیفەتانەدا مەوجودە تێیدا، کە ئەوهای کرد خۆی خۆی دەناسی ئەمما بە مەنهەجی قورئان نەك مەنهەجی سوقرات.

سائیل دەرێ ئایا بە مەنهەجی سوقرات خۆمان دەناسین، نەخێر، سوقرات فەیلەسوفەك بووە پێشی ئیسلام، ئەمما (بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ)(القيامة ١٤)، فیعلەن ئەگەر هاتوو قورئانی لێکداوە صیفەتی خۆی زانی چییە، لەگەر ئەو صیفەتانەی کە لە قورئان لەبۆ ئینسان یان ناس یان بەشەر بەکار هاتیە موقایەسەی کرد ئەو وەختی خۆی دەزانی چییە، کو مەسەلەن نەفەرەك لە خاریج دێتە عێراق شەهادەی وەرەقەکی پێیە دەرێ بابە ئەمن لە خاریج کولیەی طوببم تەواو کردیە، لێرە دەیبەنە

کولیەی طوب ئیمتیحانی پێدەکەن ئیمتیحانی کولیەی طوببی ئێرەی پێدەکەن دەبی کابرا لە کولیەی طوببی ئێرە ناجیح بی، دەرەجاتی هەمووی تەواو بی ئەوجە ئیعتراف بە شەهادەکەی دەکەن واضحە، ئەوە جاریە لە هەموو جێیەك نەفسی وەقتیش ئەمە کە بمانەوێ خۆمان بناسین ئا دەچینە خزمەت قورئان، جارێ دەبی بزانین ئەمە خۆمان ئینسانین ناسین بەنی ئادەمین چ دەعبایەکین ئەمە دەبی خۆمان بناسین، کو خۆمان دەناسین، تەعریفاتی لەو قورئانەیدا مەوجودە، هەمووش بە دەقیقی، قورئان لاستیق نییە مەطاطیەتی هەبی، بەدیققەت قورئان وەصفی مەی کردیە، لەبۆ مەش هاتیە وەکی دختۆرەکی بەرەحمیشە کە تەشخیصمان دەکا یەکسەر عیلاجەکەش دادەنێ، دەمینێتە سەرە خۆمان ئەمە عیلاجەکەی وەربگرین یان نا بەڵێ.

پرسیار/ دەڵێ بوونی رِوئیەی قورئانی کە لە کەسەکان دەگەرِێتەوە بۆ تەغییری داخیلی عەمەلیەکە کە پابەندە بەوەی یا بە چی دی،

وەڵام: بەلێ لەدەرسی وەبزانم حەفتەم بوو بەحسی لیسانی قورئانمان کرد(بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ) (الشعراء ١٩٥)، گوتمان لیسانی عەرەبی جوملە تەعبیراتەکە لەناو داخیلی ئینسان مەخلوقە بەفیطرە، لۆێ کابرای خۆشناو شەرت نییە قورئان بزانی بخینی، (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)(الإخلاص ١) بخینی، (قل) قاف لام هو هاء واو، ئەوها بخینی شەرت نییە کابرای مۆزەمبیقی شەرط نییە ئەوها بتانی قورئان بخینی، ئەمما ئەگەر هاتوو ئیمانی بەو تەرتیبەی دروست بوو هەرچی مەفاهیمی قورئانی هەیە بە صەحیح لە ناو داخیلی باری تەعالا بە فیطرە خەلقی کردیە لەگەر فیعلی قورئانی موطابیق دێ، ئەوە مەوضوعەکی موفەصەل بووە بەحسمان کردیە وەختی خۆی.

پرسیار/ بەلێ ئەو برایە نەصیحەتمان دەکا خوا خێری بنووسی دەلێ حەتا ئەتوو بەحسی فیکر رِۆیشتنت نەکردبوو لە نوێژێ ئەمن فکرم نەدەرِۆیشت لەوەتەی ئەتوو بەحست کردیە فکرم دەرِوا، إن شاءالله ئەمنیش دوعات لۆ دەکەم یارەبی خودایە فکری جەم کەی لەسەر عیبادەت و (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) (الفاتحة ٥) ئی منیش و ئی ویش إن شاءالله تەعالا، گلەییەکی هەیە دەلێ: تۆ هێندە بە نەرمی بە سەبری قسە دەکەی کەمن وام لێ دێت خەوم بێت، بێزار دەبم لەگەل باویشکان،

وەڵام: بەلێ، إن شاءالله دوعا لۆویش و لۆ خۆشم دەکەم لۆ جموعی موئمنین إن شاءالله ئا ئەو خەو هاتنە صەراحەتەن ئی نەوعە ئیستیقرارەکی ذهنیە ئەمن بە سلبی تێی ناگەم، غالیبەن کە ئینسان لە صەوتەك یان لە مەوضوعەك یان لە جێیەك مورتاح بوو بەس هەوا و شەهوەتی ئیزاحەنەکرد لەبۆ خۆی سەحبی نەکرد نەوعە هدوء و ئیستیقراریەتەك لەبۆی دێ (أَمَنَةً نُّعَاساً)(آل عمران ١٥٤)،ئەوجە ئا ئەو هدوئە ئیستیقرارە موحتەمەلە بە باوش و بە وانە ئیعتیبار بکا، لۆێ لێرە ئەمن خۆم

مولاحەزەی ئەوەم کردیە فیعلەن ئەوەی دەوی دەکاتەوە زۆرە، ئەمما إن شاءالله لەبەرەوەی جەوەکە ئیمانیە لەبەرەوەی ذیکری خوا و پێغەمبەر و جوملەی صەحابەی کیرام و بە چاکە، فە مەلائیکەت دێنە خوارێ کە مەلائیکەت دێنە خوارێ تغشاهم الرحمة، ڕەحمەتیش نەوعە سکونەکە لە داخیلی ئینسان دروست دەبی، کەمترین طەریقە ئەوەیە ئینسانەکە فیعلەن باوەشکی بێ، چونکی موحتەمەلە لێرە هەبووبی ماستاوی خواردبی خەویشی بێ، ئەمما ئەگەر بچتە سەر جادەی خەوی نایێ چونکی خطوط هەیە شەیاطین دەتانی سەحبی کا، خطوطی ئەوەش کە شەیاطینیش سەحبی دەکا دائیمە ملەووەنە جوانە موزەخرەفە موزەرکەشە، ئەمما لێرە ئەوە نییە، ئەوجە ئەو هدوء و ئیستیقرارە ئەو حالەتەیە إن شاءالله نە حالەتی شەیطانیە، ئەمما ئەوەی مەوضوعەکەی نوێژی صەراحەتەن دەبی ئەمنیش و ئەویش هەر عیلاجی کەین إن شاءالله تەعالا.

پرسیار/

بەلێ، ئەها نەخێر أستغفر الله ئەو برایە دەفەرمی دەربارەی لیسان و لوغە؟ ئایا لە کاتی چوونە خزمەتی قوڕئانی پیرۆز نیهائیيەن واز بهێنین لە لوغە وە رەئی نەحو یاخود بە چ نسبەتێك نەحو وەردەگیرێ ئەوە دیارە مەقسەدیتی،

وەڵام: برای شیرینم بەحسی لیسان و لوغەمان کرد گوتمان لیسان، ئەوەیە، وە ئەوە تەعبیرمان کرد بە جیهاز بە فیطرە باری تەعالا ئەوەی لە ناو داخیلمان دانایە، وە تەعلیمیشی کردیە تەعلیمەکەش گوتمان ئەثەرە، سێ کاسێت تەواو بەحسی ئەوانەمان کردیە لە تەسجیلات مەوجودە إن شاءالله ئەگەر موراجەعەی بکا ئەو برایە، وە گوتمان باری تەعالا بیلا تەشبیهـ ئەوانەشی شکاندیە لۆ وەی کەس هیچ جیهەك هیچ فیکرەك هیچ شەیطانەك نەتانی بێ بەکەیفی خۆی شتی لە سەر بنووسی، لۆیێ ڕۆژی قیامەت کابرای کافر کە لێی دەپرسن (مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ)(المدّثر ٤٢) ر)، (قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ)(المدّثر ٤٣).